# کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان

**پێشەکی:**

**کارگێری سەرچاوە مرۆیی کەوا کورتە هێمایەکی هەیە HRM ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە دامەزراوەکاندا بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەرهەم هێنان لەرێکخراوەکەدا، بەم پێیە پەیوەندیەکانی سەرچاوەی مرۆیی چاك و توندوتۆڵ دەکات هێزی کارمەندان و کارگێریان گرانترین ڕووبەڕووبوونەوەی رێکخراوەکە کەوا تووشی دێت،مرۆڤ توخمی گۆران و پەرەسەندنە، جا بۆیە ئامانجەکان و پرۆگرامی بۆ دادەرێژێ کەوا پێ ی ئەستێ بەهۆی ئەو کەرەستەو ئامێرانەی هەیە، ڕێکخراوەکە بەهەموو توانایەوە گرنگی بە توخمی سەرچاوەی مرۆیی دەدات، لە لووتەکەوا تاکو بنەماکانی،مرۆڤ بەسروشتی خۆی توخمی گۆران و پەرەسەندنە، لێپرسراوی یەکەمە لە دارشتنی،ئامانجەکان و پلانەکان و رامیاریەکان و پرۆگرامەکان و کەوا هەڵەستێ بە جێ بەجێ کردنیان بەهۆی ئامێرو کەرەستەکان جا بۆیە ئەم توخمە گرنگی هەیە لەسەر ئاستی ریکخراوەکە و لەسەر ئاستی ئابووری بەشێوەیەکی گشتی.**

**ئاما نجەکانی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان:**

**لە سەرەتادا دەبێ مانای هەر یەك لە وەزیفەی سەرچاوە مرۆییەکان و کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان جیابکەینەوە:**

وەزیفەی سەرچاوە مرۆییەکان ئەو چالاکیە جۆراوجۆرانەن کەوا یەکەی ڕێکخستن دەیخاتە گەڕ بەهۆی توانستی ئەو کارمەندانەی پێویستن بۆ ڕێکخراوەکە،ئەمەش بڕو جۆرو کات و پارێزگاری کردن لەسەریان لە قەرەبووکردنەوە و هاندان و پەرەسەندنیادا،بەلاَم کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان بە مانای چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنی کارگێڕی لەگەڵ ژێر دەستەکانی بۆ ئەوە بگات بەو ئاما نجەی بۆی دانراوە بەدەست بێنێ،جا بەم پێیە وەزیفەی سەرچاوە مرۆییەکان یەکێکە لە وەزیفەکانی ڕێکخراوەکە لەو کاتەی کەوا کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان یەکێکە لە وەزیفەی کارگێریە، پێویستە لەسەر لێپرسراوی کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان هەموو دەم ئاما نجەکانیان بخەنە پێش چاویان کەوا دەبێت بەدەست بهێنێت،ئەم ئاما نجانەش کۆمەڵێکی زۆرن،هەندێکیان پەیوەندیان بە ڕێکخراوەکەیە،هەندێکیان بە کارمەندانەوە هەیە،وە سێیەمسان پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیە بە گشتی،ئاما نجی پرۆژەکە بە دەستهێنانی سەرچاوەی مرۆیی لێهاتووە،بۆ ئەوەی ئەوپەری سوود لە هەندێکیان ببینین هەروەها سووربین لە بەردەوامی ئەمانە بۆ پرۆژەکە مل کەچ بن لەلایەکی تر،سەرچاوە مرۆییەکان واتێ دەگەن کەوا باشترین هەلی کارکردن بە دەست دێنن وە بواری هەلی پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی پلە برەخسێنن بۆیان،لەگەڵ باشترین بارودۆخی کارکردن کە بتوانن بەشێوەیەکی یارمەتی یەکتردان و کاریگەرەکانیان بەڕێوە ببەن کەوا بەرهەمەکانیان زیاد دەکات،بەمەبەستی زۆرکردنی مووچە یان ئاستی بژێوی ژیانیان بەرزتر بێت بەشێوەیەکی گشتی،بۆیە سەرچاوە مرۆیەکان حەزدەکەن هەردەم سیاسەتێکی هەبێت بۆ کارکردنی چاك سەربەخۆیی تیادا بەدی بکرێت،یان گواستنەوەو پلە بەرزکردنی هەبێت لەگەڵ هەڵسوکەوت کردنی کەوا لەگەڵ مرۆڤایەتی بگونجێت،جا بۆیە کارگێری سەرچاوە مرۆیەکان هەوڵ ئەدات کەوا هاوسەنگیەك هەبێت لەنێوان ئەو هەولاَنەی ڕەخساوە بۆ کارو لەگەڵ توانای مرۆیی کە لەبەر دەست دان بەهۆیەوە دەتوانن هەلەکان بەدەست بێنن بەم شێوەیە کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان یارمەتی سەرچاوەی مرۆیی کۆمەڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی باشترین کارو زۆرترین بەرهەم بەمە بواری دەدات بە سەرچاوە مرۆییەکان تاکو ئەو پەڕی تواناکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا شتی لەبار بەدەست بێنن.

**پەرەسەندنی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان:**

کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان بە چەندەها قۆناغ تێپەڕیوە کەوا ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی مێژوویی هەیە، لەخوارەوە دەیخەینە ڕوو:

**قۆناغیی یەکەم:-دامەزراندنی یەکەم//**

لەسەرەتای پەرەسەندنی کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان دوو وەزیفەی سەرەکی هەبوو وەزیفەی بەکارهێنان و وەزیفەی پاراستن.

وەزیفەی بەکارهێنان ئەوەی لەخۆ دەگرێت دەستەبەرکردنی سەرچاوەی مرۆیی پێویست بۆ پێداویستیەکانی بەرهەم هێنانی ڕێکخراوەکە، بەلاَم وەزیفەی پاراستن ئامانجی ئەوە بوو دروست کردنی لایەنەکان و هەیکەلی یارمەتی دانی وردی ڕێکخراوەکە.

**قۆناغی دووەم:-کرێکارانی چاودێری کۆمەلاَیەتی//**

گرنگی دان بە چاودێری کۆمەلاَیەتی لەلایەن خاوەن کارەکانەوە هات ئەوانەی باوەڕیان بە کارگێری باوکایەتیەوە هەیە، بەلایەنی ئایینی، خاوەن کارەکان هەڵسان بە دامەزراندنی کەسانێك بۆ چاودێری کۆمەلاَیەتی، ئەمانەش ناسران بە کرێکارانی چاودێری کۆمەلاَیەتی، ئەم کرێکارانە لە ساڵی 1913 دا توانیان یەکێتیەك دروست بکەن کەوا ناسرا بە یەکێتی کرێکارانی چاودێری کۆمەلاَیەتی، ئەمەش سەرەتای لانکی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان بوو لە ساڵی 1946.

لەگەڵ ئەوەی دا دامەزراندنی کاری سەرچاوە مرۆییەکان بە هاندانێکی سەرچاوەی مرۆیی ئاینی بوو، خاوەن کارەکان سوودی ماددیان لێ بینی، بیرۆکەی گرنگی دان بە کرێکاران و بارودۆخیان وای کرد کەوا زیاتر مل کەچ بنوێنن بۆ خاوەن کارەکان، ئەمەش وای کرد کەوا بارودۆخی کرێکاران باش بێت و ببێتە هۆی بەرزی ئاستی بەرهەم هێنان، لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم و ساڵانی دوایی پەرەسەندن یارمەتی کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان دا کە ڕووی لە زانستی دەروونی پیشەسازی و کۆمەلاَیەتی لەسەر ناسینی توخمی سەرچاوەی مرۆیی بە پلەیەکی باشتر لە کاردا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر چالاکی کاریگەریەتی کردارەکانی هەڵبژاردن و ڕاهێنان و چاودێری لەسەر کۆمەلاَیەتی کار لە پیشەسازییدا، کاتێ کە جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر ئابووری جیهاندا بوە هۆی گۆڕانکاری بنەرەتی لە پێکهاتەی کرێکارەکانی پیشەسازی چونکە پیاوەکان و گەنجەکان و لاوەکانی بچووك بوو بۆ پیشەسازی ڕاپێچران، لە شوێنی ئەوان ژنەکان کاریان لە کارگەکان دەکرد، لە هەمان کاتدا دەرکەوت کەوا دەبێ بەرهەم هێنان زۆر بکرێت چونکە پێداویستیەکانی جەنگ وای دەویست کە بەردەست بکرێن لە ئامرازەکانی پێویستی جەنگ و ماددە خاوەنەکانی پیشەسازی بۆ بەردەوامی کاری کارگەکان، لێرەدا گرنگی توخمی سەرچاوەی مرۆیی سەری هەڵدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی بەرهەم

هێنان، حکومەتەکان هەڵسان بە ڕێنمایی کردنی پیاوانی کارو خاوەن کارگەکان بەرەو هەوڵدان بۆ چاك کردنی پەیوەنیەکان نێوان مرۆڤەکان هاندانی معنەوی وەك هەنگاوێکی بنەرەتی بۆ زۆر کردنی بەرهەم، ئەمەش بووە هۆی بلاَوبوونەوەی بەشەکان و ئەو کارگێریانەی کە گرنگی دەدەن بە بارو خۆشگوزەرانی سەرچاوە مرۆییەکان لە زۆرەها پڕۆژەی بازرگانی و پیشەسازییدا، لەگەڵ ئەمانە هەمووی ئەم گرنگی دانە بە بارودۆخی کارکردن سنورداربوو، بەرێز پەری داکۆکی لە کرێ وەك هاندانێکی ماددی بۆ زۆر کردنی بەرهەم، لە سالاَنی دوای جەنگ بێکاری بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆوە لە بازاری کارکردندا زۆرەها بەهرەمەند هاتە کایەوە بە هۆی ئەو کەسانەی لە سوپا هاتنە دەرەوە، تێکڕایی خستنەڕووی کرێکاران بە پلەیەکی بەرزو زۆر زۆرتر بوو لە تێکڕایی پێداویستی، جا خاوەن کارەکان سەربەستیەکی تەواویان هەبوو لە دەست نیشان کردن و دەرکردنی کرێکاران لە هەمان کاتدا بووە هۆی داخستنی زۆر لەو پڕۆژانەی بۆ بەشە تایبەتیەکانی کرێکاران دانرابوون.

قۆناغی سێیەم:- پەیوەندیەکانی کار//

یەکەم دامەزراندن بۆ وەزیفەی پەیوەندیەکانی کار لە کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەم کەوا دامەزراندنی فەرمانبەرێك بۆ کارەکانی پەیوەندیەکانی کار تاکو پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکارانی سەربەخۆ دروست نەبێ، لەو کاتەی کرێکارانی چاودێری کۆمەلاَیەتی کرێکاریان بە زەرەرمەند دەزانی و پێویستیان بە یارمەتی دانی هەبوو، لەو کاتەدا فەرمانبەرانی پەیوەندیەکانی کار وایان پیشان دەدا کە دەبێ خاوەن کار یارمەتی بدرێت بە پێش کەشکردنی خزمەت لەلایەن کرێکارانەوە، جا بەم پێیە ئامانجەکانی فەرمانبەرانی پەیوەندیەکانی کار هەوڵی بەدەست هێنانی پاراستنی دەسەلاَتی کارگێڕییان دەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوەکانی کرێکاری، بەلاَم پاش گەشەسەندنی سەندیکاکان بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەم، وە لەگەڵ گۆڕانی پێکهاتەی سەندیکا پیشەکانی کۆن کاری فەرمانبەری پەیوەندیەکانی کار لە پیشەی پاراستنی کارگێڕی بەرامبەر سەندیکاکانی کرێکاری بووە هەڵسان بە ڕۆڵی ڕێکخستنی پەیوەندی لەنێوان سەندیکاکان و کارگێڕییەکان.

**قۆناغی چوارەم:-لیژنەی وایتلی//**

ئەو مساومە بیّ نرخیەی بە کۆمەڵ بووە هۆی پەرەسەندنێکی گەورە کە ڕوویدات پاشان پەرەسەندنی پەیوەندیەکانی کاری بەدوا داهات،لە ئە نجامی ئەو ڕا پۆرتانەی کە لیژنەی وایتلی لە ساڵی 1918 دەری کرد ڕووداوێکی گەورە بوو ئەم لیژنەیە پیکهات بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی یارمەتی دان لە نێوان سەندیکاکان و کارگێڕیەکان،لەگەڵ لیکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی چاکسازی گەشە پیدانی،ڕینماییەکانی بە پیویستی دەزانی کەوا شیوازی ڕاویژکاری و گفتوگۆ بگرنەبەر بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان،بنەڕەتی فەلسەفەی لیژنەی وایتلی بە پیویستی دەزانی کەوا کەسانی کارگێری دان بە سەندیکاکان دابنیێن کە دەبیتە بەهیزکردنی ڕۆڵی پەیوەندیەکانی کار،جابۆیە تیك هەڵکیشانی نیوان وەزیفەی چاودیری کۆمەلایەتی و پەیوەندیەکانی کار لەگەڵ یەکتر ڕوویدا،ئەمەش وای کرد کەوا سەرچاوەی مرۆییەکان ڕۆلێکی نویّ ببینن بە ئامانجی کارکردن بۆ چاکسازی لیهاتوویی کارو یارمەتی دانی لەسەر پیکهینان و دانانی سیاسەتی سەرچاوە مرۆییەکانی جیاواز کەوا هەوڵ دەدات بۆ خزمەت کردنی کارمەندان.

**قۆناغی پینجەم:-کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان//**

مانایەکی تر ڕۆڵی سەرچاوەی مرۆییەکان بەکارهینانی شیوازی وەزیفەیی یە،لە ساڵی 1943 بەڕیوەبردنی تاکەکان چەندەها چالاکی دەگریتە خۆ وەك:

دەستەبەرکردن،دەست نیشان کردن و دامەزراندن،ڕاهینان،کریّ،دانووساندن،بەرقەراری و تەندروستی، چاودیری کۆمەیەتی.

**قۆناغی شەشەم:- پیکهینانی سیاسەتی سەرچاوە مرۆییەکان//**

ئەو توندوتیژیەی لە ڕکابەری دا هەبووە لە شەستەکانی ئەم سەدەیە وای کرد کە پیویستە کار بۆ مسۆگەر کردنی( لەلایەن ڕیکخراوەکان )باش بەکارهینانی مرۆڤەکان بکریت و هەوڵ بدریت بۆ کەم کردنەوەی ئەرکەکانیان،ئەمەش وای کرد کەوا وەزیفەی سەرچاوە مرۆییەکان لە ئاستی بە جیهینان بگۆڕی بۆ ئاستی کارگێری بالا،ئەمەش بەمانای گرنگی دانی ستراتیجی و سیاسەت و پلانی سەرچاوە مرۆییەکان لە ژیر سایەی ئامانج و سیاسەتە گشتیەکانی ڕیکخراوەکە،ئەو گەشە و پەرەسەندنەی کە ڕیدا کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان لە بارەی دەسەلاتی کارگێری یا ئامادەکردنی وەزیفەکان بۆ کاروباری سەرچاوە مرۆییەکان هەلیکی ڕەخساند لە پیش کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان،بۆ هانابردن بۆ زانایانی ڕەوشتی بۆ چارەسەرکردنی هەندیّ گرفتی ڕیکخستن،بەکارهینانی زانستی ڕەوشتی بۆ ناسینی گرفتەکان و چارەسەری توخمی سەرچاوە مرۆیی یارمەتی دەربوو،لەگەڵ ئەوەی کەوا بووە شارەزاییەك بۆ پسپۆرانی سەرچاوە مرۆییەکان

**قۆناغی حەوتەم:-رۆڵی پلانی گشتی//**

کۆمەڵێك هۆکار بوونە هۆی ناچارکردنی کارگێری رێکخراوەکان کەوا دان بنێن بە مافی ئەو سەرچاوە مرۆییانەی کە دەبێ بەشداری بکەن لەسەر ئاستی پلان دانانی گشتی وەك بەشێك لە ستراتیجیەتی گشتی دا،گرنگترین هۆکار:بەرزبوونەوەی پلەی زانینی گرفتەکانی کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان،گرنگی کارکردن بە دوولایەنی و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی ژینگەدا،بەرزبوونەوەی توندوتیژی رکەبەری جیهانی لە بازارەکانی بەرهەم هێنان.

**قۆناغی هەشتەم:-سەرچاوە مرۆییەکان و کۆمەڵگای گەورە//**

کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان وای لێهات کەوا دەسەلاتی کارگێری داگیر بکات و شوێنێکی بەرز لەناو رێکخراوەکانی هاوچەرخ دا بەدەست بێنێ،بە پێویست زانرا کە گرنگی کە گرنگی بە چالاکیەکانی سەرچاوە مرۆییەکان بدرێت بۆ کارلێکردن لە هۆکارەکانی ژینگە لەسەر هەر یەکێك لە :رێکخراوەکان و کارمەندانی وە ئەو چالاکیانەی تایبەتمەندە پێیان،ئەمەش بووە داواکاریەکی بنەرەت بە تایبەتی پاش ئەوەی کەوا کۆمەڵگاکان داوایان لە رێکخراوەکان دەکرد بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی کۆمەلایەتی لە پاڵ ئامانجە تایبەتیەکانی قازانج کردن،لە دوای ئەمەدا وای لێهات کە تەماشای پسپۆرانی سەرچاوە مرۆییەکان بکرێت کەوا لێپرسراون لەبەرامبەر بەدەستهێنانی بەرژەوەندی نەتەوەیی،ئەمەش بەهۆی ئەوەی جەخت کردنی رێکخراوەکان کەوا کاردەکەن لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی دا، پاشان ئەم بۆچوونە پاڵپشتیەکی گەورەبوو لەناو رێکخراوەکەدا،ئەم بۆ چوونە فراوانتری بەخشی بە پسپۆرانی سەرچاوە مرۆییەکان بۆ کارکردن وەك وەرگێرو وەك راوێژکاری یاسایی بۆ پاراستنی کۆمەڵ و بەرژەوەندیەکانی لەناو رێکخراوەکەدا.

**مەشقکردن و گەشە پێدانی توانای کارمەندان:**

دەتوانین پێناسەی مەشقکردن بکەین کەوا ئەو کارە ڕێکانەیە کە بەهۆیەوە سەرچاوەی مرۆیی فێری دەبێت بە زانیاری یا بە کرداری یا بە هەردووکیان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو،بەمانایەکی تر مەشقکردن:بریتیە لە پرۆگرامێکی فەرمی کەوا دامەزراوەکان بەکاری دێنن بەمەبەستی یارمەتی دانی کارمەندان بۆ بەدەستهێنانی چالاکی و لێهاتوویی گونجاو بۆ ئەوەی هەڵستن بەو کارانەی ئێستاو داهاتوو بەهۆی گەشەدانی توانای هزری و زانستی،هەروەها بەدەستهێنانی لێهاتوویی و شارەزایی و زانیاری و ئاڕاستەکان کەوا بگونجێت لەگەڵ بەدەستهێنانی ئاما نجەکانی دامەزراوەکە بۆ ئەوەی چالاکی ڕاهێنان چالاکیەکی تەواو بێت پێویستە ڕاهێنان چەند قۆناغێکی دیاریکراو بگرنە خۆی.

**قۆناغی یەکەم:دۆزینەوەی پێویستی بۆ مەشقکردن//**

خودی مەشقکردن مەبەست نیە بەڵکو هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی توانای سەرچاوە مرۆییەکان و هەموارکردنی ڕەوشتیان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی بەرهەم هێنانێکی ڕێك بۆ ئەم مەبەستە لێرەدا پێویستە مەشق بکرێن،هەروەها هۆکارێکە لە هۆکارەکانی چارەسەری گرفتەکانی گریمانی بۆ ئەوەی پرۆگرامی مەشقکردنێکی دیاری کراو دابنرێ پێویستە سێ لایەنی گرنگ بگرینەبەر لە پرۆژەکەدا ئەویش شیکردنەوەی سیستەم و شیکردنەوەی کارەکان،شیکردنەوەی سەرچاوە مرۆییەکان.

**قۆناغی دووەم:دیاری کردنی پێداویستی یەکان مەشقکردن//**

دیاری کردنی پێداویستیەکان دەربڕینە بۆ جۆرەها گۆڕانکاری و زیادەی پێویست بۆ ڕەوشتی وەزیفەی سەرچاوە مرۆییەکان بخرێتە سەر لەگەڵ ڕێگەی بەدی هێنانی پلەی لێهاتوویی ئەمەش نابێ تەنها بەڕێگەی مەشقکردن.

**قۆناغی سێیەم:داڕشتنی پرۆگرامی مەشقکردن//**

لەم قۆناغەدا بابەتەکانی مەشقکردنی تەواو دیار دەکرێت لەگەڵ کاتی مەشقکردندا و شوێنی و شێوازو ئامرازەکانی مەشقکردن.

**قۆناغی چوارەم:جیٚ بەجیٚ کردنی پرۆگرامەکانی مەشقکردن//**

ئەمە لایەنی لایەنی جیٚ بەجێکردن دەگرێتەوە کەوا پلانی مەشقکردن گرنگی پێدەدات بە ئامادەکردنی بۆی لە گرینگترینیان:

کاتی بەجێهێنانی پرۆگرام،گونجاندنی کاتەکانی لەدوای یەکتر بۆ بابەتەکانی مەشقی جیاواز، ئامادەکردنی چاپکراوەکان، پەیوەندی کردن بە هەر یەك لە مەشق پێکەران و ئەوانەی مەشق دەکەن.

**قۆناغی پێنجەم:هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی مەشقکردن//**

کارگێڕی مەشقکردن تەنها پرۆگرام و پلان نیە،بەڵکو دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی جیٚ بەجیٚ کردن،هەروەها پێویست دەکات کەوا پرۆگرامەکان هەڵسەنگێنیٚ بۆ جەخت کردنەوە کەوا بە ڕێڕەوێکی ڕاست دەڕوات،لە کۆتایی دا ئە نجامێکی چاك بەدەست دێنیٚ.

**هەڵسەنگاندنی چالاکی فەرمانبەران:**

**ئەمەش بریتیە لە هەڵسەنگاندنی سووری بۆ کردەوەکانی لەسەر وەزیفەکەی کە تاچەند هێزو توانای بەرەو پێش کەوتن دەبات،ئەم ئەم هەڵسەنگاندنە سوودی هەیە بۆ مەبەستی کارگێڕی لەوانەیە پەیوەندی هەبێ بە دۆزینەوەی پێویستی بۆ مەشقکردن،یان حکم دان لەسەر ڕادەی دروستی کاریگەری هەندێ لە رامیاریەکانی دەست نیشان کردن و دامەزراندن،هەروەها دەستەبەرکردنی زانیاری جیاواز لە بارەی فەرمانبەرانەوە لە بارەی ڕێکخراوەکە کە یارمەتی پلان دەدات بۆ فەرمانبەران،هەروەها لەبواری دارشتنی رامیاری کە پەیوەندی هەیە بە بەخشینی سالآنە و بەرزکردنەوەی پلە و گەشەکردنی سەرچاوە مرۆییەکان و دیاری کردنی ڕێڕەوی وەزیفەیی.**

**بۆ چاك کردنی کاریگەری هەڵسەنگاندنی فەرمانبەرەکان و گەشەسەندنی پێویستە چەند شتێك ڕەچاو بکەین وەك:**

**ا-بەرزکردنەوەی لێهاتوویی لێپرسراوان لە بارەی هەڵسەنگاندنی کردەوەکان.**

**ب-متمانەکردن لەسەر پێوەری دادوەری لە هەڵسەنگاندن و مەزەندەکردنی بەجێ هێنان.**

**ج-گەیشتن بە پێوەری پەسەند بۆ هەریەك لە کارگێری و فەرمانبەران.**

**د-بەکارهێنانی شێوازی هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆر.**

**ه-رەچاوکردنی چاکسازی کرداری دەرخواردی پێچەوانە بۆ ئەو زانیاریانەی هەڵدەگەڕێتەوە لە هەڵسەنگاندنەکەدا.**

**شیکردنەوەی وەزیفە :**

مەبەست لە شیکردنەوەی وەزیفەکان بە مانای شارەزاییەکی تەواوو وورد لەسەر هەر وەزیفەیەك هەبێت بە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستی هەریەك بە جیاواز،وە تێبینی کردن و تۆمارکردنی ڕاستیەکان کەوا ئەرك و لێپرسراویەتی روون دەکاتەوە،لەگەڵ ئەو بارودۆخەی دەوری داوە لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە پێویستە تێدا هەبێت،ئەم زانیاریانە لە روون کردنەوەو شیکردنەوەی وەزیفەکان دیار بکرێت بۆ بەریی وەسفکردنی،بەڵام وەسفی وەزیفەکان واتە تۆمارکردنێکی ڕێك بۆ لایەنەکانی وەزیفەکە و پێکهاتە بنەرەتیەکان و هۆکارەکانی دەوری لە لیستێك یا لە کەشفێکی تایبەت بۆ وەسف کردنی وەزیفەکە،وەك پاڵپشتێك بۆ پێناسەی وەزیفەکە،کەوا رەنگدانەوەی هۆکاری هەڵسەنگاندنی ناوخۆو لە پێکهاتەی وەزیفەکە،کارو ئەرکەکانی لێپرسراویەتی.

**سەرکەوتنی شیکردنەوەو وەسف کردنی وەزیفەی بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێك شت :**

ا-دەست نیشان کردن و ئامادەکردنی چاك بۆ ئەو کەسانەی بە کرداری شیکردنەوەو وەسف کردنی وەزیفەکان هەڵدەستن.

ب- پێویستە ناوو ناوەرۆکی وەزیفەکە رەنگدانەوەی هەبێ لەسەر ئەو پسپۆریەی بنەرەتی کەوا هەڵدەستێ بە لێکۆلینەوەی.

ج- پێویستە وەسفەکە لەگەڵ خودی کارەکە یەك بگرێتەوە.

د-جەخت بکرێ لەسەر دروستی و وردی زانیاریەکان کەوا لەبنەرەتدا بەکاردێت بۆ کرداری شیکردنەوەو وەسفی وەزیفەکان.

ه- پێویستە پێوەرێك هەبێت بۆ کارمەندان لە بارەی چۆنیەتی لێکۆلینەوە و سوودەکانی کە بۆی دەگەرێتەوە لە تەواوکردنی وەسفی وەزیفەکان.

دەستەبەرکردنی تەواو پشتگیری کردنی لەلایەن کارگێری ڕێکخراوەکە بۆ ئەم کردارە نیمچە سووڕیە.

سەرچاوە:

1- پرەنسیپەکانی کارگێری،م.سامی & م.ئاوات..2013

2-کارگێری سەرچاوە مرییەکان،م.سامی..2013

3-کارگێری سەرچاوە گشتیەکان،د. محمد احمدیوسف.2002.